# یاری بکەن پێکەوە بۆ ئەوەی باش بن پێکەوە

بەخێوکردنی منداڵ یەکێکە لە قورسترین ئەرکەکان منداڵەکەت بریتی نیە لە تویەکی بچووکی کراوە، بەڵکو کەسێکی ترە کە وردە وردە کەسایەتی بۆ خۆی دروست دەکات و سەربەخۆ دەبێت. ئەرکی تۆی پێگەیشتوو بریتیە لە یارمەتیدانی منداڵ و بوون بە دایک یان باوکێک کە پشتت پێ ببەسترێت، وە منداڵەکەتت خۆش بوێت کاتێک بایەخ بە منداڵەکەت دەدەیت و لێی نزیک دەبیتەوە، دەبێت فەرمانی پێبکەیت و سنووری بۆ دابنیت تا منداڵەکەت هەست بە دڵنیایی بکات و پشت بەخۆی ببەستێت. مەبەستمان ئەمەیە کاتێک لەبارەی مامەڵەی باش و تەندروست لەنێوان منداڵان و پێگەیشتواندا قسە دەکەین.

**ICDP – یارمەتی بۆ دۆزینەوەی ڕێگای باشی پێکەوەبوون**

/ International Child Development Programme) ICDP) (پرۆگرامی نێودەوڵەتی گەشەسەندنی منداڵ)
بەرنامەیەکە بۆ ڕێنماییکردنی دایک و باوکان کە دامەزراوە لە لایەن کۆمەڵێک شارەزای زۆرێک لە وڵاتان، کە پشتبەستنە بە چەندین ساڵ لە لێکۆڵینەوە. باس لەو قورسیانە دەکات کە دایکان و باوکان ڕووبەڕوویان دەبنەوە، ئەو ڕێگایانە دەخاتە ڕوو کە دەبنە هۆی دروستکردنی پەیوەندی باش و ئەرێنیانە لەنێوان دایکان و باوکان و منداڵان وەک بەشداربوویەک لەم پرۆگرامە، بەشێوەی گرووپ دایکان و باوکانی دیکە دەبینیت بۆ ئاڵوگۆڕکردنی ئەزموون و تێڕوانینەکانتان. بەم شێوەیە یارمەتی یەکتر دەدەن زیاتر هەست بە متمانە بکەن وەک دایک و باوک، هەروەها بیروبۆچونی نوی وەردەگریت سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵەکەت.

نامیلکەی گفتوگۆ "8 شێواز بۆ مامەڵەکردنی باش و تەندروست" هەم پەراوێکە کە دەکرێت لە کۆبونەوەی گروپەکاندا بەکاربێت، هەمیش "پەرتوکێکی یادەوەرییە" کە دەکرێت سوودی لێوەربگیرێت دوای ئەوەی گفتوگۆکان کۆتایی هات. لەم نامیلکەیەدا فێر دەبیت چۆن منداڵان گەشە دەکەن و پیداویستیەکانیان لە هەریەک لە قۆناغەکانی گەشەسەندندا چین. هانت دەدەین کە بیر لە شێوازە جیاوازەکان لە سەرەتاوە تا کۆتایی بکەیتەوە. ئەم نامیلکەیە دەکرێت هاوکاریت بکات لە سۆنگەیەکی دیکەوە شتەکان ببینیت، هەروەها هەندێک ڕوانگەی دیکە سەبارەت بەوەی کە چۆن مامەڵە لەگەڵ قورسیەکان دەکەیت و پەیوەندیت لەگەڵ منداڵەکەت زیاتر بەرەوپێش دەبەیت.

ئەم نامیلکەیە "ڕێنمایی" ی منداڵ گەورەکردن و بەخێوکردن نیە، بەڵکو کەرەسەیەکە کە دڵنیاییەکی زیاترت دەداتێ لە دەوربینینت وەک دایک یان باوک

هانت دەدەین کە لە سەرەتاوە تا کۆتایی تێبینی خۆت لەسەر ئەم نامیلکەیە بنووسیت و لە کۆبوونەوەکاندا بە شێوەی گرووپ.بەشدارییەکی چالاکانە هەبێت

بەخێربێیت!

**دەتەوێت زیاتر بزانیت و فێرببیت؟**

دەتوانیت زیاتر لەسەر پەیوەندی نێوان منداڵ و دایک و باوک بخوێنیتەوە لە bufdir.no و foreldrehverdag.no.

# مانای وشەکان

| | |
|---|---|
| واتایی (مەعنەوی) | شتێک کە لە خەیاڵدایە، پێچەوانەی وشەی بەرجەستەیە |
| دانپێدانان | پیشاندانی ئەوەی کە منداڵەکە وەک ئەوەی هەیە پەسەند دەکەیت |
| هاوسۆزی | بریتیە لە خۆخستنە جێی کەسێکی دیکە و تێگەیشتن لە هەست و سۆزی ئەو کەسە |
| خۆخستنەجێ | تێگەیشتن لەوەی کە چۆنە ئەگەر کەسێکی دیکە بیت |
| گفتوگۆی عاتیفی | پەیوەندیکردن لەڕێی دەربڕینی هەست وسۆزەوە |
| مامەڵەی باش لەگەڵ منداڵان | پیشاندانی بایەخ و نزیکی، لەگەڵ ئەوەشدا فەرمان پێکردن و دانانی سنوور |
| هاوکاری پلە بە پلە | یارمەتیدانی منداڵ کاتێک پێویستی بە یارمەتیە، وە نەهێشتنی ئەم یارمەتیە کاتێک هەست دەکەیت منداڵەکە دەتوانێت کارەکانی خۆی بە باشی ئەنجام بدات. |
| گەشەسەندنی فکری | گەشەسەندنی توانای فێربوون |
| تواناکانی مێشک | توانای تێگەیشتن، فێربوون، بیرکردنەوە |
| نەخشەکانی مێشک | پەیوەندی بە توانای پلاندانان و بینینی ئەو هەنگاوانەوەیە کە دەتگەیەنن بە ئامانجەکەت |
| تێگەیشتن لە ڕاست و هەڵە | تێگەیشتن لە جیاوازیەکانی نێوان ڕاست و هەڵە، هەڵسوکەوتی باش و خراپ |
| دانانی سنووری نەگونجاو | دانانی سنوور بە هەڕەشەی سزادان و قەدەغەکردن |
| دانانی سنووری گونجاو | دانانی سنوور بە شێوەیەک کە منداڵەکە بەلایەوە بەکەڵک و شیاوبێت |
| بڕوابەخۆبونی ڕاستەقینە | ئەوەی کە بە ڕاستی دەتوانیت شتێک ئەنجام بدەیت |
| دەسخۆشی لێکردن (پیاهەڵدان) | پێزانین بەو شتەی منداڵەکە *دەیکات* |
| لەخۆڕازیبون | بریتیە لەوەی کە چۆن خۆت دەبینیت، وە بەهای خۆت بەلاوە چەندە |
| متمانەبەخۆبوون | بریتیە لە هەڵسەنگاندنی خۆت لە ژێر ڕۆشنایی ئەوەی کە دەتوانیت چی بکەیت |
| ڕێکخستن و گونجاندنی بارودۆخ | گۆڕینی چوارچێوەی مەرجەکان یان یاساکانی بارودۆخێک بۆ یارمەتیدانی منداڵ تا بتوانێت کارێک بکات. |
| سروشت | هەستکردن یا کاردانەوەیەک کە پێوەی لەدایک بویت |

# سنووری گونجاو دابنێ



هەستەکان دەگوازرێنەوە. بە تایبەتی، تووڕەیی منداڵ دەبێتە هۆی تووڕەبوونی کەسانی پێگەیشتوو. ئەو کارەی کە بۆ ئێمەی پێگەیشتوو قورسە ئەوەیە کە بتوانین خۆمان هێور بکەینەوە پێش ئەوەی هەوڵی هێورکردنەوەی منداڵەکە بدەین. بۆ ئەوەی بتوانین منداڵ کۆنترۆڵ بکەین، دەبێت توانای خۆکۆنترۆڵکردنمان هەبێت. لە کاتی دانانی سنووردا، زۆر گرنگە بە هێمنی بمێنینەوە تەنانەت ئەگەر زۆر خەمگینیش بین.

دەکرێت دانانی سنوور بۆ منداڵ زۆر قورس بێت، بەڵام بۆ گەشەسەندنی تێگەیشتن لە ڕاست و هەڵە، هاوسۆزی دەربڕین، و هەست بە بەرپرسیارێتی کردن زۆر گرنگە دانانی سنووری نەگونجاو، وەک قەدەغەکردنی شتێک، هەڕەشەی سزادان، بە تێپەڕبوونی کات کاریگەری خراپ بەجێ دەهێڵن ئەگەر دەتەوێت منداڵەکەت شتێکی بە بەها فێرببێت لەو سنوورانەی بۆی دادەنێیت، پێویستە ئەو شتەی کە پێی دەڵێین دانانی سنووری گونجاو بەکار بهێنیت. واتە دانانی سنوور بە شێوەیەک کە منداڵەکە بەلایەوە بەکەڵک و شیاو بێت/پەسەندی بکات. کاتێک ڕوونی دەکەیتەوە بۆ سنوورت داناوە، هەروەها بە دابینکردنی چالاکی جێگرەوەی دیکە بۆ منداڵەکە دەتوانیت ئەمە بەدەست بهێنیت. وا باشە کە پێکەوە کە ڕێکەوتن لەسەر سنوورەکان بکەن لەگەڵ منداڵانی گەورەدا، دواتر هەست بەوە دەکەن کە ئەوانیش بەشێکن لە دروستکردنی بڕیار و بۆچونیان بە هەند وەرگیراوە.

کاتێک سنووری گونجاو بۆ منداڵ دادەنێیت، یارمەتی دەدەیت باشە و خراپە لێک جیابکاتەوە. ئەمە بە مانای ئەوە دێت کە منداڵەکە خۆی دەتوانێت بژاردە ڕاستەکان هەڵبژێرێت، بۆ نمونە دزینەکردن لە دوکان – نەک لەبەر ئەوەی ترسی لە سزا هەبێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی بزانێت کە ئەمە کارێکی هەڵەیە.

چۆن دەتوانیت سنووری گونجاو بۆ منداڵەکەت دابنێیت؟

- بە بڕیاردان لەوەی چۆن سنوور دادەنێیت
- بە بژاردە خستنەبەردەستی منداڵەکە
- بە بەکارهێنانی ڕێکەوتن وەک هاوکاری

بیر بکەوە دەربارەی:
بۆچی سنوورەکان گرنگن بۆ منداڵ؟

هەوڵ بدە بیربکەیتەوە کە چۆن ئەمە لەگەڵ منداڵەکەتدا دەکەیت لە ژیانی ڕۆژانەدا، سەرنجی کاردانەوەی منداڵەکەشت بدە.

# ئاسانکاری کردن



لە تەمەنێکی زۆر کەمەوە، منداڵان فێر دەبن لە بارودۆخە جیاوازەکاندا خۆیان بەڕیوە ببەن. بۆ نموونە، شێوازی هەڵسوکەوتیان لە ماڵەوە جیاوازە لە باخچە یان قوتابخانە. هەندێک کات بۆ بەڕێوەبردنی خۆیان پێویستیان بە یارمەتیە ، بۆ نمونە کاتێک لە یاریگا یان لە یاریگای قوتابخانە کێشەیەک دروست دەبێت. وەک کەسێکی پێگەیشتو، تۆ دەتوانیت ئەو شتە بەکاربهێنیت کە پێی دەوترێت، ڕێکخستن و گونجاندنی بارودۆخ، واتە کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە نەک منداڵەکەت، بە گۆڕینی چوارچێوەی مەرجەکان یان یاساکانی یارییەکە. کاتێک منداڵان ئەوەیان بۆ دەردەکەوێت کە شتەکان بەرەوپێش دەچن بە گۆڕانی بارودۆخەکان، هەروەها لە هەڵسوکەوتیاندا فێری ستراتیجی باشتر دەبن.

**چۆن ئاسانکاری بۆ منداڵ دەکەیت خۆی بەڕێوەببات؟**

- بە کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە لەبری منداڵەکە
- بە گۆڕینی یاساکان و چوارچیوەی مەرجەکان
- بە قسەکردن بۆ منداڵەکەت سەبارەت بە ڕێگا جیاوازەکانی کۆنترۆلکردنی بارودۆخێک

بیر بکەوە دەربارەی:
بۆ باشتر وایە کە بارودۆخەکە کۆنترۆل بکەین لەبری منداڵەکە؟

هەوڵ بدە بیربکەیتەوە کە چۆن ئەمە لەگەڵ منداڵەکەتدا دەکەیت لە ژیانی ڕۆژانەدا، سەرنجی کاردانەوەی منداڵەکەشت بدە.

# یارمەتیدان و پشتگیریکردن



هەموو منداڵان بۆ ئەوەی بە باشی گەشە بکەن دەبێت یارمەتی بدرێن. لە ICDP دا، ئێمە چەمکی هاوکاری پلە بە پلە، بەکاردەهێنین واتە یارمەتیدانی بە یارمەتیە، وە نەهێشتنی ئەم یارمەتیە کاتێک هەست دەکەیت منداڵەکە دەتوانێت کارەکانی خۆی بە باشی ئەنجام بدات. یارمەتی لە ڕادەبەدەر وا لە منداڵ دەکات هەست بە دوودڵی و نائارامی بکات تەنانەت لەو شتانە کە دەتوانن ئەنجامی بدەن، هەروەها وای لێدەکات هەمیشە بۆ تاقیکردنەوەی شتە نوێیەکان.پشت بە هاوکاری بەردەوام ببەستێت یارمەتی کەمیش وا لە منداڵ دەکات خۆی وەک گەمژەیەک سەیر بکات، لەبەر ئەوەی ناتوانێت هیچ شتێک بە باشی بکات.

نموونەیەکی باشی هاوکاریی کاتی پێویست بریتیە لەوەی کاتێک منداڵ فێری دووچەرخە/پاسکیل لێخوڕین دەکەیت: سەرەتا دەست بە پاسکیلەکەوە دەگرین، بەڵام دواتر دەستی لێبەردەدەین کە منداڵەکە سەنتەر وەردەگریت. هەروەها دەبێت زۆر بە پەلە فریای منداڵەکە بکەوین کاتێک خەریکە لەسەر پاسکیلەکە دەکەوێت.

**چۆن دەتوانیت بە شێوەیەکی باش هاوکاری منداڵەکەت بکەیت؟**

- بەوەی هاوکاری پێویستی پێبدەیت.
- لێگەڕی با منداڵەکەت تواناکانی خۆی لەسەر شتەکان تاقی بکاتەوە تا متمانەی بەخۆی هەبێت

بیر بکەوە دەربارەی:
چۆن دەتوانیت زۆر هاوکاری منداڵەکەت بکەیت؟
ئایا هەرگیز ڕویداوە کە زۆر بە کەمی هاوکاری منداڵەکەت بکەیت؟

هەوڵ بدە بیربکەیتەوە کە چۆن ئەمە لەگەڵ منداڵەکەتدا دەکەیت لە ژیانی ڕۆژانەدا، سەرنجی کاردانەوەی منداڵەکەشت بدە.

# پلاندانان



یارمەتی منداڵەکەت دەدات هەستی بەسەرخۆدا زاڵبوون زیاتر بکات، ئەگەر سەیری داهاتوو بکات و هەست بکات توانای پێشبینیکردنی ڕووداوەکانی هەیە. ئەگەر لەگەڵ منداڵەکەت هەنگاو بە هەنگاو پلان دابنێیت، توانای پلاندانانی منداڵەکەت زیاد دەکەیت. جگە لەمەش فێری دەکەیت. جگە لەمەش فێری دەکەیت کە چۆن سەیری هەموو هەنگاوە وردەکانی گەیشتن بە ئامانجەکەی بکات. گەشتێک بۆ ناو دارستان چالاکیەکی باشە پێکەوە پلانی بۆ دابنێین: چی ببەین لەگەڵ خۆمان بۆ ئەوەی سەرمامان نەبێت؟ پێویستمان بە چەندە خواردن دەبێت؟ بۆ کوێ بڕۆین؟ لە وشەسازیدا، بەمە دەوترێت گەشەکردنی نەخشەی مێشکیی.

نەخشە مێشکیەکان، بە تێپەڕبوونی کات، زیاتر ئاسانکاری بۆ منداڵ دەکەن کە سەرنجی ورد بداتە ئامانجەکەی. بە یارمەتیدانی منداڵەکەت لە ڕێکخستنی ڕێکاری ئەنجامدانی چالاکیەکانی وەک نوستن، خواردن، جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ماڵەوە، کەرەستەی باش و گرنگی دەدەیت کە چوارچێوەیەک بۆ ژیانی دابنێت و توانای پێشبینیکردنی بۆ دروست ببێت.

**چۆن دەتوانیت هاوکاری منداڵەکەت بکەیت لەسەر قاچەکانی بوەستێت؟**

- منداڵەکەت فێربکە هەنگاو بە هەنگاو پلان دابنێ
- ئامانجێک دابنێ کە منداڵەکەت بتوانێت بە هاوکاری خۆت بەدەستی بهێنێت
- ڕێکاری باش دابنێ بۆ چالاکیەکانی ڕۆژانە وەک (نووستن، خواردن، جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ماڵەوە، هتد)

بیر بکەوە دەربارەی:
چۆن یارمەتی منداڵەکەت دەدەیت هەنگاو بە هەنگاو پلان دابنێت؟

هەوڵ بدە بیربکەیتەوە کە چۆن ئەمە لەگەڵ منداڵەکەتدا دەکەیت لە ژیانی ڕۆژانەدا، سەرنجی کاردانەوەی منداڵەکەشت بدە.

# یارمەتی بدە بۆ ئەوەی بتوانێت یارمەتی خۆی بدات

پەیڕەودانان تەنها بە مانای سنووردانان نیە، بەڵکو بریتیە لەوەی هاوکاری منداڵ بکەیت خۆی خوێندنەوە بۆ ڕووداوەکان بکات و لەسەر هەردوو قاچی خۆی بوەستێت. بۆ ئەوەی لەسەر قاچی خۆی بوەستێت، پێویستی بە هاوکاری تۆ هەیە کە فێری بکەیت خۆی بەڕێوە ببات و توانای بەسەرخۆدازاڵبوون زیاتر بکات. لێرەدا سنوربۆدانان یەکێکە لە کەرەسەکانی کە لەبەردەستدایە

بابەتەکە دابەش دەبێت بۆ 4 بەش کە بریتین لە: پلاندانان، یارمەتی دان، ئاسانکاری کردن، دانانی سنوری گونجاو

بیر بکەوە دەربارەی:
نمونە بهێنەرەوە کە چۆن ئەمە جێبەجێدەکەیت لە پراکتیکدا
چۆن دەتوانیت یارمەتی منداڵە گەورەکان، 7 یان 12 ساڵ،
بدەیت پەیوەندی نێوان شتەکان ببینێت؟
ئایا ئەو منداڵانەی کە بە دەگمەن ڕونکردنەوە وەردەگرن
لەسەر ئەو شتانەی ڕوودەدەن گەشە دەکەن؟
هەست دەکەیت ئەو شتانەی کە منداڵەکەت پرسیارت
لەبارەیانەوە لێدەکات بە باشی بۆی ڕوون بکەیتەوە؟

هەوڵ بدە بیر لەوە بکەیتەوە کە چۆن هەموو ڕۆژێک
ئەمە لەگەڵ منداڵەکەت ئەنجام بدەیت ، هەروەها سەرنجی
کاردانەوەکانی منداڵەکەیشت بدە.

# پەیوەندی دروستکردن



دایکان و باوکان گرنگترین مامۆستای منداڵەکانیانن. دایک و باوک منداڵەکانیان فێر دەکەن بەشوێن شتەکانی چواردەوریاندا بگەڕێن و فێری ئەوانە ببن کە نایزانن فێربوونی منداڵ پێش چوونی بۆ قوتابخانە دەستپێدەکات

زیادکردنی زانیاری گشتی و ئەزموون و چۆنیەتی پێکەوەبەستنەوەی ئەزموونەکان گرنگن بۆ گەشەسەندنی مێشکی منداڵ، واتە گەشەسەندنی توانای فێربوونی. کاتێک هاوکاری منداڵ دەکەیت ئەزموونە کۆنەکانی (پێشتری) گرێ بدات بە ئەزموونە نوێیەکانیەوە ("بیرتە کە ..." "لەبەر ئەمە ئێمە ئێستا ...")، منداڵەکە لە چوارچێوەی شتەکان تێدەگات و دەتوانێت زیاتر فێری وشە و چەمکە واتاییەکان (مەعنەویەکان یان نەبینراوەکان) ببێت. بیهێنە پێش چاوت کە خۆت و منداڵەکەت دەڕۆن بۆ پیاسە و پشیلەیەک دەبینن. دەتوانیت دەست بۆ پشیلەکە ڕابکێشیت و ئەوە ڕوون بکەیتەوە پشیلە سەر بە خێزانی پڵنگە هەروەها پرسیار لە منداڵەکە بکە: "هیچ لێکچوونێک لە نێوان ئەو پشیلە و پڵنگدا دەبینیت؟" تۆ یارمەتی منداڵەکە دەدەیت فێر ببێت شتەکان پەیوەندیان پێکەوە هەیە و لەو کاتەدا بیریان لێبکاتەوە. ئەمەش گرنگە بۆ گەشەکردنی ئەوەی پێی دەڵێن تواناکانی مێشک، واتە توانای تێگەیشتن، فێربوون و بیرکردنەوە. هەروەها بۆ گەشەسەندنی زمان گرنگە.

**چۆن دەتوانی منداڵەکەت فیربکەیت شتەکان پێکەوە ببەستێتەوە؟**

- بە وتن، ڕونکردنەو، دۆزینەوەی هۆکاری ڕوودانی شتەکان
- بە ڕوونکردنەوە و قسەکردن بۆ منداڵەکەت سەبارەت بەو شتانەی کە منداڵەکەت ئەزموونی کردوون
- بە بەراورد کردن بە ئەزمونێکی دیکە و دۆزینەوەی لێکچوون و جیاوازیەکان
- بە دۆزینەوەی پەیوەندیەکانی ڕابردوو ئایندە
- بە گێڕانەوە و دروستکردنی چیرۆک دەربارەی ئەو شتانەی پێکەوە ئەزموونیان دەکەن
- بە وێنەکێشان و گۆرانی وتن و سەیرکردنی وێنەی ئەو شتانەی کە ئەزمونیان دەکەن

# مانا ببەخشە بە ئەزمونەکان



بۆ ئەوەی منداڵەکەت لەو شتانەی پێکەوە ئەزموونیان دەکەن تێبگات و بتوانێت لەگەڵ تەجروبەکانی دیکە پێکەوە گرێیان بدات ، گرنگە ناوی شتەکانی فێربکەیت و پێی بڵێیت ئەو شتانە چۆن کار دەکەن. بە پیشاندانی سۆزی ئەرێنیانە و بەشداریکردن لەوکارانەی ئەنجامی ئەدەن یارمەتی منداڵەکەت دەدەیت ئەزمونەکە لە بیر نەکات. تۆ وا دەکەیت شتەکەی لا گرنگ و مانادار بێت.

کاتێک منداڵەکە هەست دەکات کە بە "راستەقینە" لەگەڵ تۆ هاوبەش دەکار، بۆی دەردەکەوێت کە زمان شتێکە کە هەموان بەکاری دەهێنین و وشەکان هەمان مانایان هەیە بۆ هەرکەسێک. فێردەبێت کە شتە بەرجەستەکان ناویان هەیە، وەک "ماڵ" و "خواردن"، هەروەها فێردەبێت ناوی هەستەکان بنێت. گرنگە وەک دایک و باوک یارمەتی منداڵەکەتان بدەن ناوی ئەو شتانەی ڕوو دەدەن فێر ببێت. بۆ نموونە، دەتوانیت بڵێیت: "وا بزانم برا بچووکەکەت غەمگینە، چونکە ڕێگەی پێنەدرابێت".

هەروەها منداڵە گەورەکانیش پێویستیان بە کەسێک هەیە قسەیان بۆ بکات کاتێک شتێک ئەنجام ئەدەن و تێناگەن، بۆ نموونە گێچەڵ پێکردن، لەدەستدانی کەسی نزیک، ڕووداوی کاریگەر کە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە پیشان دەدرێن.

**چۆن دەتوانیت یارمەتی منداڵ بدەیت مانای شتەکان بدۆزێتەوە؟**

- بە قسەکردن لەگەڵ منداڵەکەت سەبارەت بەو شتانەی پێکەوە ئەزموونی دەکەن
- بە وەسفکردن و ناولێنانی ئەو شتانەی دەیانبینیت
- بە منداڵەکەت بڵێ کە ئێش و کاروبارەکان چۆن بەڕێوەدەچن و ژیان چۆنە
- بە پیشاندانی جۆش و خرۆش و بەشداری کردن لەو شتانەی کە پێکەوە دەیانکەن

بیر بکەوە دەربارەی:
نمونە بهێنەرەوە کە چۆن ئەمە جێبەجێدەکەیت لە پراکتیکدا کاردانەوەی منداڵەکە چیە؟
ئەگەر کەس نەبوو منداڵەکە فێربکات مانا ببەخشێت بە ئەزموونەکان، بەڕای تۆ ئەم منداڵە چۆن دەتوانێت شتەکان ببینێت و مامەڵەیان لەگەڵ بکات؟
چۆن دەتوانیت مانای شتەکان بۆ منداڵی تەمەنە جیاوازەکان ڕونبکەیتەوە بۆ نمونە منداڵانی (ساوا، 3 ساڵ، 14 ساڵ)

هەوڵ بدە بیر لەوە بکەیتەوە کە چۆن هەموو ڕۆژێک ئەمە لەگەڵ منداڵەکەت ئەنجام بدەیت ، هەروەها سەرنجی کاردانەوەکانی منداڵەکەیشت بدە.

کاتێک ئەو شتانەی منداڵ دەیانبینێت یان ئەزمونیان دەکات دەکەیت بە وشە، یارمەتی منداڵەکە دەدەیت تێبگات لەو شتانەی کە لە چواردەوریدا ڕوو دەدەن، زمانی گەشە بکات، بە باشی مامەڵە لەگەڵ کەسانی دەوروبەریدا بکات و زیاتر هەست بە ئاسوودەیی بکات. لە ڕاستیدا زۆرجار ئەمە دەکەین بەبێ ئەوەی بیری لێبکەینەوە، لەو کاتەوەی کە منداڵەکە تەمەنی زۆر کەمە.

# سەرنجدانی هاوبەش ـ ئەزمونە هاوبەشەکان





دروستکردنی پەیوەندی نزیک و گفتوگۆی باش پشتبەستن بە ئەزمونە هاوبەشەکان لەبەرئەوەی بەبێ هەبوونی ئەزمونی هاوبەش قورسە قسە لەگەڵ یەک بکەن یان کاری پێکەوەیی بکەن. ئەمە هەنگاوێکی سەرەتایی و گرنگی *فێربوونە*.

زۆربەی جار ئەو شتانەی منداڵان خەمی بۆ دەخۆن جیاوازە لە هی گەورەکان بۆ نموونە، ئایا دیمەنی ئامێرێکی هەڵکەندن لەوبەری شەقامەکەوە زیاتر سەرنجی منداڵ ڕاناکێشێت لە ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی کارکردنی چرای ترافیک. لەم کاتانەدا، تۆ وەک کەسێکی پێگەیشتوو دەتوانیت بارودۆخێک بخوڵقێنیت کە تێیدا خۆت و منداڵەکەت بەهەمان شتەوە سەرقاڵ بین. بۆ نموونە، دەتوانیت ئەمە بکەیت بە ئاماژە و بڵێی: "سەیری ئەمە بکە!" یان دەتوانیت خەیاڵ بدەیتە ئەزموونی منداڵەکەت. بەو شێوەیە پیشانی دەدەیت کە ئەوەی منداڵەکەت ئەزموونی دەکات گرنگە

کاتێک یارمەتی منداڵ دەدەیت سەرنج بدات، تۆ تەنها بنیادی ئەزموونی هاوبەش دانانێیت بەڵکو یارمەتی منداڵ دەدەیت توانای سەرنجدانی بەهێز بکات.
سەرنجدان بۆ منداڵ گرنگە بۆ ئەوەی بتوانێت تێبگات و شتی نوێ فێرببێت.

**چۆن دەتوانیت هاوکاری منداڵەکەت بکەیت سەرنج بدات؟**

- بەوەی بیر لەو ڕاستیە بکەیتەوە کە هەردوکتان لە یەک کاتدا کاردانەویەکی *هاوشێوە*تان دەبێت
- هاوکاری منداڵ بکەیت کە سەرنج بداتە ئەو شتانەی کە تۆ دەتەوێت پێکەوە ئەنجامی بدەن. بە ئاماژەکردن، یان هەوڵدان بۆ تەماشاکردنی چاوی و وتنی "وەرە"، "سەیرکە"
- گرنگییدان بەو شتانەی کە منداڵ حەزی لێیە و خۆڕاهێنان لەگەڵ منداڵەکەتدا

بیر بکەوە دەربارەی:

ئایا خۆت و منداڵەکەت کاتی ئەوەتان هەیە پێکەوە شتێک ئەنجام بدەن کە هەردووکتان حەزتان لێیە؟

نموونە بهێنەوە کە چۆن دەتوانیت یارمەتی منداڵ بدەیت سەرنج بدات کاردانەوەی منداڵەکە چیە؟

بە ڕای تۆ منداڵێک کە بە دەگمەن دەرفەتی ئەوەی هەبێت سەرنج بدات چۆن گەشە دەکات ؟

بە ڕای تۆ منداڵێک کە بە دەگمەن دەرفەتی ئەوەی هەبێت سەرنج بدات چۆن گەشە دەکات ؟

هەوڵ بدە بیر لەوە بکەیتەوە کە چۆن هەموو ڕۆژێک ئەمە لەگەڵ منداڵەکەت ئەنجام بدەیت ، هەروەها سەرنجی کاردانەوەکانی منداڵەکەیشت بدە.

# دەسخۆشی و ستایشی بکە و دانی پێدابنێ

هەموو منداڵان، بە ساواکانیشەوە، دەبێت وەک ئەوەی *هەن* ببینرێن وە دەسخۆشی وەربگرن بۆ ئەو کارانەی *ئەنجامی ئەدەن*. هەر بۆیە لە کاتی پێویست، تەنانەت ئەگەر کارێکی زۆر بچووکیشی کرد دەستخۆشی لە منداڵەکەت بکە. دەسخۆشیکردن و دانپێدانان گرنگن بۆ ئەوەی منداڵ لەوە تێبگات کە وەک تاکێک بەهای هەیە، ئەمەش وا دەکات هەستی متمانەبەخۆبون و وێنەیەکی ئەرێنیان بۆ خۆیان لا دروست ببێت. دەسخۆشیکردن وا دەکات منداڵ بەهای خۆی بزانێت و دواتر بتوانێت دەستکەوتی هەبێت. هەروەها ئەوەش گرنگە کە پێی بڵێی چی گرنگە و بۆچی. دواتر منداڵەکە متمانەبەخۆبونێکی ڕاستەقینەی لا دروست دەبێت.

دەسخۆشیکردنی منداڵ لە کاتێکدا کارێکی باش دەکات بۆ کەسانی دەوروبەر، یارمەتی منداڵ دەدات توانا کۆمەڵایەتیەکانی بەهێز بکات. بەم شێوەیە منداڵ فێردەبێت چ هەڵسوکەتێک باشە و کامە زۆر باش نیە.



وشەکانی *بڕوابەخۆبوون* و *لەخۆڕازیبوون* زۆرجار لەبری یەک بەکاردێن. لەخۆڕازیبوون واتە تا چەند خۆتت خۆش دەوێت و بەهای خۆتت لایە. بڕوابەخۆبوون بریتیە لەوەی چۆن لە خۆت دەڕوانیت لەسەر بنەمای ئەوەی چیت لەدەست دێت و دەتوانیت چی بەدەست بهێنیت. ئەگەر *بڕوابەخۆبوونێکی ڕاستەقینەت* هەبێت، لات ڕوونە کە دەتوانیت چی بەدەست بهێنیت.

### چۆن دەتوانیت دەسخۆشی لە منداڵ بکەیت و دانی پیدابنێیت؟

- پیشانی بدەیت کە "دەیبینیت" — هەوڵ بدە سەیری چاوی بکە
- دان بە شتانە دابنیت کە پێکەوە ئەنجامی ئەدەن ("ئەمڕۆ کاتێکی خۆشمان پێکەوە بەسەربرد،" "دەزانم کە ئەوەت پێخۆشە.")
- بەوەی بە منداڵەکە بڵێیت کە چی باشە و بۆچی باشە ("ئەمە باش بوو لەبەر ئەوەی کاتێک بەو شێوە دەیکەیت، دواتر . . . ") ("زۆر باشە کە یارمەتی برا بچووکەکەت دەدەیت لەبەر ئەوەی . . .")
- بە زەردەخەنەکردن، سڵاو لێکردن، دەست بە سەرداهێنان

بیر بکەوە دەربارەی:
دەسخۆشیکردن چی دەگەیەنێت لای تۆ؟
کاردانەوەت چۆنە کاتێک کەسێک دەسخۆشیت لێدەکات؟
زۆر دەسخۆشی لە منداڵەکەت دەکەیت؟ (نموونە بهێنەوە کە چۆن لە کارێکدا ئەمە دەکەیت)
ئایا دەسخۆشینەکردن لە منداڵ زیانی هەیە؟ یان دەسخۆشیکردنی زۆر زیانی هەیە؟
کاردانەوەی منداڵەکەت چیە کاتێک دەسخۆشی لێدەکەیت و دانی پێدادەنیت؟
بەڕای تۆ ئەو منداڵانەی کە دایک و باوکیان دەسخۆشییان لێناکەن، چۆن لەگەڵ کەسانی دیکە مامەڵە دەکەن؟
چۆن دەسخۆشی لە منداڵی ساوا دەکەیت؟

هەوڵ بدە بیر لەوە بکەیتەوە کە چۆن هەموو ڕۆژێک ئەمە لەگەڵ منداڵەکەت ئەنجام بدەیت ، هەروەها سەرنجی کاردانەوەکانی منداڵەکەیشت بدە.

بیر بکەوە دەربارەی:

بۆچی "گفتوگۆی عاتیفی" گرنگە؟ هەندێک نموونە بدە سەبارەت بەوەی کە چۆن دەکرێت ئەو گفتوگۆیانە ئەنجام بدرێن.
چۆن دەتوانیت لەگەڵ منداڵانی تەمەنە جیاوازەکان ئاڵوگۆڕی هەستەکانت بکەیت (ساوا، 3 ساڵ، 8 ساڵ، کچی 13 ساڵ، یان کوڕی 16 ساڵ)؟
بەڕای تۆ ئەو منداڵانەی کە بە دەگمەن دەرفەتی ئەوەیان هەیە نهێنیەکانیان لای کەسانی دیکە باس بکەن؟چۆن گەشە دەکەن
ئایا پێت‌وایە دانانی کات بۆ گفتوگۆی نزیک یان بۆ 'بەسەربردنی کاتی خۆش' ئاسانە؟
چۆن منداڵەکەت ئاسوودە دەکەیت؟
بۆ ئاسودەکردنی منداڵەکەت کاتێک دەترسێت، چی دەکەیت؟
چۆن دەتوانیت منداڵەکەت هێور بکەیتەوە کاتێک توڕەیە؟

هەوڵ بدە بیر لەوە بکەیتەوە کە چۆن هەموو ڕۆژێک ئەمە لەگەڵ منداڵەکەت ئەنجام بدەیت ، هەروەها سەرنجی کاردانەوەکانی منداڵەکەیشت بدە.

# هەست بە منداڵەکەت بکە

تا ئێستا هەستت کردوە کە سیستمی ئاگادارکردنەوەی (هەستی) منداڵی بچووک چەندە هەستیارە؟ کاتێک هەست بە ئاسوودەیی ناکەن، دەگرین بۆ ئەوەی ژێریان بکەینەوە. منداڵانی گەورەتریش هەروەها پێویستیان بە یارمەتیە بۆ ئەوەی تێبگەن کە دەربڕینی هەست و سۆز مەترسیدار نیە، بەڵکو بە پێچەوانەوە زۆر سروشتی و ئاساییە.

ئەو منداڵەی کە ترسی هەیە پێویستی بە کەسێکە کە هەست بە دڵنیایی و سەلامەتی بکات. ئەو منداڵەی کە دڵتەنگە پێویستی بە کەسێکە دڵی خۆش بکات. بە هەمان شێوە، ئەو هەرزەکارەی کە لە دانانی تەلی ددان نیگەرانە، دەبێت تێگەیشتنی بۆ دروست ببێت کە ئەوە شتێکی ئاساییە.

ئەگەر منداڵەکەت لێت تووڕەیە لەبەر ئەوەی کۆمەڵێک سنوری پێویستت بۆ داناوە، پێویستی بە یارمەتی هەیە بۆ ئەوەی هێمن ببێتەوە و لە هەمان کاتدا پێویستە تێگەیشتنی هەبێت بۆ هەست و سۆزەکانی. کاتێک لەگەڵ منداڵێکی 4 ساڵاندا دەچیتە دووکانێکی شیرینیفرۆشی و داوای شیرینی دەکات: "تێدەگەم کە ئێستا داوای شیرینی دەکەیت، بەڵام ناکرێت" تێگەیشتن لە هەست و سۆزی منداڵەکەت بە مانای گۆڕانکاری لەو سنوورانەی کە بۆ منداڵەکەتت داناوە نیە. بەڵام کارئاسانی بۆ منداڵەکە دەکەیت لەوە تێبگات کە بۆ پێی دەڵێیت "نەخێر" وە ڕوونی بکەیتەوە کە لەوە تێدەگەیت ئەو ڕەتکردنەوەیە بەلای منداڵەکەوە قورسە.

**قسە بکە لەگەڵ منداڵەکەت – هەر لە کاتی تازە لە دایکبوونیەوە**

تەنانەت منداڵێکی بچووکیش دەتوانێت، ئەو شتەی هەبێت کە پێی دەڵێن (گفتوگۆ لەڕێی هەستەوە). ئەمە بریتیە لە گفتوگۆکردن لەڕێگەی دەربڕینی هەست و سۆز. منداڵەکەت لەڕێگەی نیگا و تەماشاکردنەوە، دەربڕینی خۆشی و جووڵەوڵە تۆ تێدەگات. کاتێک هەست و سۆزی بۆ دەردەبڕیت، هەست بەوە دەکات کە تۆ لەو شتانەی کە ئەو دەیەوێت دەریانببڕێت تێگەیشتویت پەیوەندی نازارەکی بۆ گەشەی زمان و توانا کۆمەڵایەتیەکانی دواتری منداڵ زۆر گرنگە. هەروەها بۆ هەست کردن بە ئاسودەیی ونەبوونی کێشە لە دەربڕینی هەستەکانیدا گرنگە. لەبەر ئەوە هەوڵ بدە بە هەموو جەستەت – دەمت، چاوەکانت، دەستەکانت - لەگەڵ منداڵەکەت قسە بکەیت.

پەیوەندی نزیک و باشی تۆ لەگەڵ منداڵەکەت لەکاتی



گەشەسەندنی دا زۆر گرنگن . تەنانەت ئەو منداڵانەی کە گەورەترن پیویستیان بە بایەخ پێدان هەیە بۆ ئەوەی ئاسوودە بین، لەڕێی گفتوگۆکردنی پڕ بایەخەوە لەگەڵی بۆ ئەوەی هەست بکەن کە دەتوانن بە ئازادانە باسی بابەتە کەسییەکان بکەن لەگەڵتدا. لەبەر ئەوە گرنگە کە منداڵەکەت هەست بە بکەن لەگەڵتدا. لەبەر ئەوە گرنگە کە منداڵەکەت هەست بە ئاسودەیی بکات لەگەڵتدا.

**چۆن دەتوانیت تێبگەیت و بەشداری لە هەست و سۆزی منداڵەکەت بکەیت؟**

- بە تەرخانکردنی کات بۆ "دواندن و قسەکردن" بۆ منداڵە ساواکەت.
- بە تەماشاکردنی منداڵەکەت و لاساییکردنەوەی زمانی جەستە و دەنگی منداڵەکەت.
- بە دلخۆشکردنی منداڵەکەت لە کاتی دڵتەنگی– ئەگەر منداڵەکەت ساوا یان گەورەتر بێت.
- ئارامکردنی منداڵەکە لە کاتی ترس دا
- بە هێورکردنەوەی منداڵەکەت لە کاتێکدا تووڕە دەبێت
- بە گوێگرتن بۆ منداڵەکەت و ئامادەبوون لە کاتێک کە دەیەوێت بە تایبەت لەگەڵت قسە بکات

# چاوت لە منداڵەکەت بێت و دەستپێشخەرییەکانی لەبەرچاو بگرە.



ئەگەر دەتەوێت کاتەکانت بە باشی لەگەڵ منداڵەکەت بەسەر ببەیت، تەنها بە جەستە لەوێ بوون بەس نیە دەبێت بیرو هۆشت لای منداڵەکەت بێت. ئێمەی پێگەیشتوو زۆربەی جار خەیاڵمان لە شوێنی ترە، لەبەر ئەوەی سەرقاڵین بە مۆبایلەکانمانەوە یان بیر لەو شتانە دەکەینەوە کە هێشتا جێبەجێمان نەکردووە. بەڵام ئەگەر دەتەوێت بە دڵ و گیان لەگەڵ منداڵەکەت بیت، پێویستە خۆت ڕابهێنیت ئەو شتانە ئەنجام بدەیت کە منداڵەکەت بایەخیان پێدەدات و وەک منداڵەکەت بیر بکەیتەوە یان هەست بکەیت.

تا ئەندازەیەک، منداڵ پێویستە ڕێگای پێبدرێت کە شوێن بۆچوونەکانی خۆی بکەوێت و بە شێوازی خۆی کارەکانی ئەنجام بدات. بەم شێوەیە منداڵەکە بەرەوپێش دەچێت. بۆیە زۆر گرنگە لەبری منداڵەکەت بڕیار نەدەیت، بەڵکوو یارمەتی بدەیت، هانی بدەیت و کاتی پێبدەیت خۆی بیر بکاتەوە. کاتێک شوێن دەستپێشخەریەکانی منداڵەکەت دەکەویت، منداڵەکە هەستی متمانە بەخۆبون و پشت بەخۆبەستنی لا دروست دەبێت و بەشداری دروستکردنی ڕووداو مکان دەکات. لە پەیوەندیەکی دروستدا، تۆ و منداڵەکەت یەکسانن وە هەردووکتان مافی باسکردنی ئەو شتانەتان هەیە کە حەزتان لێی نیە. ئەمە بەم واتایە نیە کە منداڵەکەت تۆ کۆنترۆڵ بکات. تۆ، وەک کەسێکی پێگەیشتوو، بەرپرسیارێت لە پەیوەندیەکەتان.

**چۆن دەتوانیت دەستپێشخەریەکانی منداڵەکەت لە بەرچاو بگریت و جێبەجێیان بکەیت؟**

- بە وەڵامدانەوەی دەستپێشخەرییەکانی منداڵەکەت
- بە بایەخپێدان بەو شتانە بدەیت کە منداڵەکەت ئەنجامی ئەدات
- بە خوێندنەوەی زمانی جەستەی منداڵەکەت
- بە هەست کردن بەوەی منداڵەکەت حەزی لە چیە و هەستی چۆنە
- بە جێبەجێکردنی حەز و ئارەزووەکانی منداڵەکەت
- بە خۆگونجاندن لەگەڵ باری دەروونی و حەزی منداڵەکەت، تا ڕادەیەکی گونجاو

**بیر بکەرەوە لە:**

چۆن کات دەدەیت بە منداڵەکەت؟
ئایا شتێک هەیە، وەک مۆبایل یان تەلەفزیۆن، وا لە منداڵەکەت بکات کە هەست بکات بایەخی پێنادەیت؟
کاردانەوەی منداڵەکەت چۆنە کاتێک هەست بە بایەخدانی تۆ دەکات؟
کاردانەوەی منداڵەکەت چۆنە کاتێک دەیەوێت قسەت بۆ بکات بەڵام تۆ وەڵامی نادەیتەوە؟
ئایا زمانی جەستەی منداڵەکەت هیچت پیدەڵێت سەبارەت بەوەی کە هەست بە چی دەکات لەم کاتەدا؟

هەوڵ بدە بیر لەوە بکەیتەوە کە چۆن هەموو ڕۆژێک ئەمە لەگەڵ منداڵەکەت ئەنجام بدەیت ، هەروەها سەرنجی کاردانەوەکانی منداڵەکەیشت بدە.

# خۆشەویستیت بۆ منداڵەکەت پیشان بدە



منداڵەکەت وەک خۆت پێویستە هەست بە خۆشەویستی و دانپێدانانی بەرامبەر بکات بۆ ئەوەی هەست بە سەلامەتی بکات. ندالەکەت وەک خۆت توانای خوێندنەوەی مێشکی نیە لەبەر ئەوە زۆر گرنگە بە دەمی و بە کردار خۆشەویستیت بۆ منداڵەکەت *پیشان بدەیت* ئەمە ئەو منداڵانەش دەگرێتەوە کە هێشتا زمانیان نەگرتوە و فێری قسەکردن نەبوون ئەوانیش هەست بە دڵخۆشی و دلتەنگی دەکەن، هەست بە خۆشەویستی و پشتگوێخستنیش دەکەن منداڵانی گەورە و بچووک لەڕێی خوێندنەوەی دەربڕینی دەموچاوت و بەرز و نزمی دەنگتەوە دەتوانن تێبگەن مەبەستت چیە

**چۆن دەتوانیت پیشانی بدەیت کە منداڵەکەت خۆش دەوێت؟**

- بە زەردەخەنە و پێکەنین بەدەم منداڵەکەتەوە
- بە باوەشپێداکردن یان دەستهێنان بە سەریدا
- بە منداڵەکەت بڵێیت کە خۆشت دەوێت.
- بە یاری کردن و بەسەربردنی کاتی خۆش لەگەڵ منداڵەکەت
- بە پیشاندانی زەردەخەنە لەڕێی دەنگتەوە لەکاتی گفتوگۆکردن لەگەڵی
- بە ئاسوودەکردن و هێورکردنەوەی منداڵەکەت

**بیر بکەرەوە لە:**

چۆن دەتوانیت بە شێوەیەکی زۆر سروشتی پیشان بدەیت کە منداڵەکەت خۆش دەوێت؟
هەست دەکەیت چ شتێک وا لە منداڵەکەت دەکات دڵنیا بێت لەوەی خۆشت دەوێت؟
چ شتێکی منداڵەکەت زۆر بە دڵە؟
دەتوانیت شێوازی پیشاندنی خۆشەویستیت بۆ منداڵەکەت باشتر بکەیت؟

هەوڵ بدە بیر لەوە بکەیتەوە کە چۆن هەموو ڕۆژێک ئەمە لەگەڵ منداڵەکەت ئەنجام بدەیت ، هەروەها سەرنجی کاردانەوەکانی منداڵەکەیشت بدە.

# چۆن لە منداڵەکەت دەڕوانیت؟

بۆ ئەوەی بتوانیت لە منداڵەکەت تێبگەیت وەک تاکێک کە خاوەنی هەست و سۆز و پێداویستی و حەزە، پێویستە ئەوە بهێنیتە پێش چاوت کە چ هەستێکت دەبێت ئەگەر "خۆت بخەیتە جێگای ئەو". لە وشەسازیدا، بەمە دەوترێت خۆخستنە جێی منداڵ ئەمە بەم مانایە دێت کە تۆ تەنها کردارەکانی منداڵەکەت نابینیت، بەڵکو تێدەگەیت کە بۆچی ئەو کردارانە ئەنجام ئەدات، هەروەها چ پێداویستی، بیرکردنەوە یان سۆزێک لە پشت کردارەکانیەوەن. بۆ ئەوەی بتوانیت لەمە تێبگەیت، پێویستە ئەم پرسیارە بکەیت: ئەگەر من لەجێی منداڵەکەم بومایە، هەستم بە چی دەکرد، چۆن بیرم دەکردەوە یان چیم دەویست؟

**ئەوەی کە خۆت کێیت کاریگەری هەیە لەسەر ئەوەی چۆن منداڵەکەت دەبینیت**

کۆمەڵێک هۆکار هەن کار دەکەنە سەر ئەوەی چۆن منداڵەکەت دەبینیت بۆ نموونە، ئایا ئەو ڕووداوانەی خۆت بە منداڵی پێیاندا تێپەڕیویت کاریگەری لەسەرت دروست کردووە؟ ئەوەی کە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووریت چۆنە زۆر گرنگە بە تایبەتیتر ئەگەر بەها کەلتوری و دینی و کەسیەکان کاریگەریان لەسەر بیرکردنەوەت دروست کردبێت، بەشێوەیەک کە ئاگات لێبیت یان بێئاگا بیت. ئەمانە هەمووی یارمەتیدەرن لەوەی کە چۆن منداڵەکەت دەبینیت

**هەروەها سروشتی منداڵەکەش لێرەدا دەوری هەیە**

هەریەک لە ئێمە شێوازێکی بیرکردنەوە و کاردانەوەی تایبەت بە خۆمان هەیە، بەمەش دەوترێت سروشت. سروشتی منداڵەکەت کار دەکاتە سەر ئەوەی چۆن لە منداڵەکەت تێدەگەیت.

منداڵێکی هێمن و لەسەرخۆت هەیە کە بە ئاسانی ڕازی دەکرێت یان بە پێچەوانەوە؟ ئایا کچەکەت چالاکە؟ ئایا کوڕەکەت پشت بەخۆی دەبەستێت؟ ئێمە تامەزرۆی ئەوەین منداڵ بە هەڵسوکەوتەکانیدا ناوزەند بکەین بۆ نموونە، دەکرێت بڵێین کە منداڵێک دەنگی بەرزە، بێدەنگە، یان مامەڵەکردن لەگەڵی قورسە هەندێک کات بە شێوازێک وەسفی منداڵێک دەکەین کە کاریگەری هەیە لەسەر ئەوەی چۆن ئەو منداڵە دەبینین ئەوەی کە چۆن منداڵەکەت دەبینیت بەشێکە لەوەی کە چۆن بڕیار دەدەیت بیبینیت

**چی دەبینیت یان چۆن بیر دەکەیتەوە پەیوەندی هەیە بەوەی چی دەبەخشیت**

چۆن منداڵەکەت دەبینیت یان تێیدەگەیت کار دەکاتە سەر پەیوەندیت لەگەڵ منداڵەکەت ئەمەش دەبێتە بنەمای بایەخدانی تۆ بە منداڵەکەت. هەموو منداڵان پێویستیان بەوە هەیە کە پەیوەندیەکی باشیان لەگەڵ دایک و باوکیان هەبێت ئەمانە بنەمای دروستکردنی ژیانی منداڵن لە ئایندەدا



وێنەکان
Johs Bøe
Tine Poppe
Lars Pettersen/Tinagent
Glenn Røkeberg
Scanpix Creative

چاپکردن
www.flisatrykkeri.no

2017

ICDP – INTERNATIONAL CHILD DEVELOPMENT PROGRAMME

KURDISK SORANI/ کوردی سۆرانی

# هەشت شێواز بۆ مامەڵەکردنی باش و تەندروست

نامیلکەی گفتوگۆ بۆ
دایکان و باوکان و کەسانی پێگەیشتووی دیکە



Bufetat